## ئەشکەوتە پیرۆزەکە![*]

## -بیرەوەریی-

شێرکۆ بێکەس

که ئەشکەوتەکەی "سەردێمان"
بوو بە "شانە"م
من تەمەنم
بیستو پێنج هەنگو بیستو پێنج
گیزەگیزی هەرزەکارییو
بیستو پێنج گوڵی دارچوالەی
دەوروبەری "گەڵاڵە" بوو!

من ئەوساکە
زەڕنەقووتەی
ناو دارستانی زمان بووم
تا سەرئەکەوتمە سەرشانی شیعرێو
تا ئەچوومە ئەستێرکێکی پەخشانەوە
سەد جار ئەکەوتمە خوارەوەو
لە بیریشمە
چەند جار خەریکبوو بخنکێم!.

من ئەوساکە
هێشتا هەر لە خەودا ئەفڕیم
ئاوازم نوستووی ناو پووشو
خەیاڵم بێ پەڕو باڵو
سنووری جووکە جووکیشم
تا لێواری هێلانە بوو!

⋆

ئێمە عەشقی ڕووتو قووتی
"سەکری سەکران" و بای "هەلگورد"
بردبووینی بۆ لای بەفرو بۆ لای ئاگر.
وەرزێ بەفرمان ئەکردە بەری شیعرو
وەرزێکی تر گڕمان ئەکرد
بە جامانەی سەری سروود!

لەو دەمەدا

ئێمە سەروملمان مۆمو
مۆمدانیشمان دۆڵی چڕو
ئەو شەوانەی دائەگیرساین
قوربانیەکان لە چوارلاوە
سوور سوور بە ڕیز
دەس بە چرای یادەوەری و
دەم بە خەندەی بارانەوە
هەموو ئەهاتن بۆ لامان.

لەوێ جاران
دەمێ ئەبووین
بە هاژەی ژێر پردی "زەرد" و
دەمێکی تر
بە مانگە شەوی خەواڵووی
"گەلی بەدران".

لە سایەقەی سەردێماندا
ئاسمان وەك چاوی ساوایان
پاك و ڕوون بوو.
ئەستێران هێندە نزم بوون
ئەتوت هاتوون بێنە خوارێ و
لەو گوێ چەمە تا بەربەیان
لەگەڵ شەپۆلان هەڵپەڕن!.

★

"باڵەکایەتی" شۆخێکی
هێندە جوان بوو، هێندە جوان بوو
کاتێ شیعر لە بەردەمیا ڕائەوەستا
وەکوو مانگە شەوی ناو گۆم
چۆن لاڵ ئەبێ و چۆن ئەوق ئەبێ
ئەویش هەروا!.
"بەیانییەك چاوم لێبوو
لە کەلێکدا، لایەکی مەمکۆڵەی سپی
لەژێر بەفرە تەنکۆڵەکەی کراسەوە
بە حاڵ دەرکەوت!.
من ئیتر شێت بووم و هەستام

وتم ئەچم بۆ لای "هەلگورد"
تا بیخوازم!.
کە گەیشتم
دەستی "هەلگورد"م ماچکردوو
وتم: قوربان! من شاعیر کوڕی شاعیرمو
هاتووم بمکەیت بە کوڕی خۆت
"باڵەکێ خان"م بدەیتێ!.
هەلگورد پێکەنیو پێی وتم:
تۆ نەزان کوڕی نەزانی!.
باڵەکێ کچی من نییەو
هی یەزدانەو
یەزدانیش هەرگیز کچی خۆی
نادا بە تۆ؟!!"
*
تا سنووری هەرە دووری
هەتەری چاو
شین خۆی ئەکرد بەناو سەوزاو
زەرد خۆی ئەکرد بەناو ئاڵداو
سوور ئەچووە ناو سپییەوەو
کاڵو تۆخیش. نێرومێ بوون
بە ناویەکدا ئەشکانەوە!
لەوێ ڕەنگ ڕەنگێکی تر بوو.
لەوێ بۆن بۆنێکی تر بوو
لەوێ ئاو ئاوێکی ترو
جوانیش جوانیەکی تر بوو!
*
بەڵام من خەونی ڕۆمانسیم
لە نیوە شەوی شیعردا
لێ ئەزڕاو
هەژاریی ئەیهێنامەوە
لای برسێتیی ئەم خانمە!.
بەناو کێڵگەی دەردەداردا
ئەیبردمەوە بەردەم هەتاوی نەخۆشی
ناو ماڵانو
بەردەم گوڵی سیلاویی ناو باخەکانو

له بەردەمی زەردەخەنەی پاییزانەی
ئافرەتان‌و منداڵاندا ڕایئەگرتم!.
هەموو جارێ لە نیوە شەوی شیعردا
خەونی ناسکم وەك تەونی جاڵجاڵۆکە
بە هەناسەی ساردی ئەوان
ئەپەشۆکاو ئەئاڵۆزکاو تێك ئەچۆوەو
بۆ بەیانیی خۆم‌و شیعرم
ئەبووینەوە
بە پووش‌و پەڵاش‌و چیلکەو
بە هەرزن‌و
بە قوڵینەی گریاوی نان!.

★

لە زەمانی ئەو ئەشکەوتە پیرۆزەدا
ئێمە بیست حیلەی "ئەیلول" بووین
یاڵمان هەوری ئەرخەوانیی
سەر "زۆزك" و
ناوچەوانمان تاشەبەردی
هەرە بەرزی
"هەندرێن" بوو!.

لە زەمانی ئەو ئەشکەوتە نەمرەدا
ئێمە بیست ژێی گەرووی وشەی
ڕادیۆیەکی تاقانە بووین.
"صالح یوسفی" باوکمان‌و
باوەشی گردێ دایکمان‌و
"مامە ڕووتە"یش باپیرمان بوو!.

هەموو ڕۆژێ ئێمە سەد جار
ماچی ڕادیۆکەمان ئەکرد.
لە دەوری سەری ئەگەڕاین.
دەستمان بە قژیا ئەهێنا
بە ساقەی زاری ئەبووین‌و
لەمسەرەوە هەتا ئەوسەر
لە سەرپەنجە ئەمانگێڕا!.
هەر بۆ ئەوەی

خۆی لەوەڕینی سەگەلی
"هانی هانی" لابداتو
لاڕێ بگرێو هەرچۆنێ بێ
گەر بە هەنگەشەلێش بووە
بگاتە شار!.

★

لە زەمانی نووزەی نانو
قۆڕەی سکی وشەو ڕستەو
تلۆقی بن پێی ئازادیی‌و
لە زەمانی کێچو ئەسپێو خۆدۆزینو
"دی. دی. تیدا".
لە زەمانی بەرگی شڕی
پیناویی بەر "ئەی ڕەقیب"دا
ئێمە لەوێ لە تەکیەکەی
ئەو ئەشکەوتە سۆفیەدا
بیست دەروێشی
سەربەستیی بووین
وەختێ کە حاڵمان لێئەهات
هیچ شتێکمان نەئەبینی
جگە لە ڕۆحی بالگرتووی شەهیدانو
جگە لە خواو لە شاخو داخ!

★

لە زەمانی بێ گیرفاندا
وەختێ کە سەری مانگانیش
بە دەم چەقەنەلێدانی
سی یان سی‌و یەکەوە ئەهات
-ڕۆژی مووچە-
وەرمئەگرت، ئەچوومەوە
ژووری برسیی
هەر خۆم تەنیا
لەسەر دۆشەکی چلکنی
بە حەیاتی هەڵنەگیراو
دائەنیشتمو پشتم ئەکردە دەرگاکە.
جگە لە چوارپێنج مشکی ناسیاوو

دوو سێ شەوگەردی ئەبڵەق بووی

سەر دیواری بەرامبەرم

کەسێکی تر نەیئەبینیم

"سێ سەدو پەنجا فلسەکەم"

سەد جار ئەژمارد

ئەوسا ئیتر

"سابوون، تووتن، سیغار، گوێزان

دوو سێ پیلو، نوقڵو لفکەیەکی تازەو

دەفتەرێكو دوو قەڵەمو

مێوژە ڕەشکەو چەند باسووقێ.

پڕیان ئەکردم لە خۆزگەو

ئەیانبردم

بۆ بازاڕەکەی "گەڵاڵە"!.

★

ئێمە لەوێ

لەو زەمانی ئەشکەوتەدا

"یوسفی" فریشتەیەك بوو لە پەمووی خوا.

ئاو پێی ئەوت:

تۆ نەرمتری یاخود من؟!

نان پێی ئەوت

من بریسمەو بەڵام ئەی تۆ

برسیت نەبوو؟!

"عەبدولخالق" ئەنتێنە هەرە بەرزەکەی

سەر ئەشکەوت بوو.

وەختێ ئەدواو پێئەکەنی

گوڵ خەندەران سیمای ئەو بوو

ئەکرایەوەو

لە گۆنەوە سوور ئەبۆوەو

دائەگیرسا!

"ئەمجەد" هێواش، نەرم نەرم

سەوزە گیابوو.

کاسە دۆیەکی سادە بوو

بە قەد نانی تازەی سەر ساج

خۆشەویست بوو!.

"غالب" دەنگی داروبەرد بوو بە ئینگلیزیی.
بەو ڕۆژگارە بە پێی پەتیی
عاشق، عاشق
ئەچوە کێڵگەی فەرهەنگەوەو
بە شوێن وشەدا ئەگەڕا!

"ناکام" هەمیشە چوارمشقی
لە دالانی ڕۆمانێکدا دانیشتبوو
هەر ئەینووسیو هەر ئەڕۆیشتو
ڕێی ڕۆمان تەواو نەئەبوو.

"عوزەیری" پەڕەسێلکە بوو
چاوی شین بوو
ڕۆژێ بردیان نەهاتەوەو
تا ساڵێکیش ئەشکەوتەکە بۆی ئەگریا!

"عوسمان" بەرد بوو نەڕەی ئەهات
کە هەواڵی ئەخوێندەوەو
وەکوو تاپۆ ڕستەیشی دائەگرتەوە
یەك لە دوای یەك وەك تەرەقەو
دەمارقاچان وشەکان ئەتەقینەوەو
ئەشکەوتەکە دائەچڵەکی!.

"جەلال" درەختی گردەڵەی
ناو کەرکووك بوو
هەمیشە بۆنی بابەگوڕگوڕو بۆنی
خەمو لیمۆی ئەویو بۆنی
"ئیمام قاسم"ی لێئەهات!.

"دڵشاد" شمشاڵێ بوو سەرخۆش.
نوکتەیەك بوو لە داماویدا ڕسکابوو!.

"هێدی" بەردەوام وەفاییو
حاجیو حافیزی شیرازیو

خانیو نالی میوانی بوون
بەردەوامیش یەك لەسەریەك
شیعری دیژلەمەی ئەدانیٚ!

"جەلیل" خورمای خەستەوی بوو
بە سواری پشتی فەیلیەکان
لە پایتەختەوە هاتبوو!.

★

لە زەمانی سەردێماندا
لەو ڕۆژگارە نسرمەدا
کە گۆرانیی گەنجێتیمان
لەسەرمادا هەڵئەلەرزیو
خۆشیمان ڕووتو ڕەجاڵو
زەردەخەنەمان ئەتەزیو
بە شەوگاریش
خەونەکانمان
چون چلوورەی دەربەند ئەیبەست!.
لەو زەمانە بێکەسەدا
ئێمە کۆمەڵێ شمشاڵ بووین
لێومان ئەنا بە کونی زامی جەستەوەو
فوومان ئەکرد بە خەمانداو
ئازادییمان پێلێئەدا.
لەو دەمەدا
-دوور لە ئێستا-
ئێمەو ئەشکەوتی سەردێمان
هیچیمان لە دنیا نەئەویست
جگە لە پەیڤێکی جوانو
لەتێ نانو
یاخود گوڵێکی کێویلە
بیدەین لە یەخەی نیشتمان!

* ڕوونکردنەوەیەکی کورتو پێویست بۆ ئەم شیعرە:

وەختێ ڕوومکردە شاخو ناو شۆڕشی ئەیلول تەمەنم بیستو پێنج ساڵ بوو. تا ئەو کاتەیش هێشتا شیعرم لە سەرەتای ڕێگەدا بوو. لەوێ چوومە ناوچەی باڵەکایەتیو ئەشکەوتی سەردێمان بەرامبەر چیای مامەڕووتە. ئامێرەکانی ڕادیۆی شۆڕش لەم ئەشکەوتەدا بوون. بە چوار دەوریشدا ژوورە قوڕینەکانی ئێمە. بەهەشتیی پیاوی فریشتە ئاسا (صالح یوسفی) بەڕێوەبەری گشتی ڕادیۆ بوو. کۆمەڵە کەسێك بووین بە پەنجەی دەست ئەژمێردراین. منو کاك (جەلیل فەیلی) بە تەمەن لە هەموویان منداڵتر بووین. لەنێو ئەم دەستەیەدا. خوالێخۆشبوو (عوسمان سەعید) بێژەری یەکەم بوو بە زمانی کوردی. شەهید "عبدالخالق معروف" ئەندازیاری یەکەمی ڕادیۆکە بوو. هەروەها کاك ئەمجەدی ئەندازیار یاریدەدەری بوو. شەهید عوسمان عوزێری بەرنامەیەکی هەفتانەی خۆی هەبوو. خوالێخۆشبوو کاك "غالب" بە تەنیا خۆی بەشە ئینگلیزیەکەی بەڕێوە ئەبرد. خوالێخۆشبوو کاك (جەلال عبدالرحمن) ژن برای مامۆستا خالید دلێر ئەویش لەوێو هەر لە هەمان ئەو ژوورەی ئێمەدا بوو. خوالێخۆشبوو دڵشاد مەسرەف ئەویش هەر لەوێ بێژەر بوو. هەروەها مامۆستا حسامی شاعیر (هێدی) و هەروەها مامۆستا سەعید ناکام ئەوانیش هەر لەوێ بوون. من لەم قەسیدەیەدا بە تەنها ناوی ئەوانەم بردووە کە لە نزیکەوە ئەمناسینو یان تێکەڵیان بوومو لە یادەوەریمدا ماونەتەوە.

**سلەیمانی**

2008/3/27